کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-12-2007 21:19بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## زڕەی درۆ.. ! ... بەهێز حوسێن

bahez2006@hotmail.com

درۆ نەریتێکی کۆنی مرۆڤە و هیچ مێژوو نووس و لێکۆڵیار و کۆمەڵناسێك نییە کە ئاماژەی بە مێژووی درۆ کردبێت و زانیبێتی یەکەمین مرۆڤ لە چ ناوچەیەك و بەکامە زمان و لە چ ساڵێکدا یەکەمین درۆی کردووە!، بەڵام مرۆڤایەتی لەسەر ئەوە کۆکن کە درۆ (هەندێکجار نەبێت کە بە درۆی بەرژەوەندی یان سپی ناسراوە) کۆکن لەسەر ئەوەی بە نەریتی و داهێنراو و دیاردەیەکی قێزەون و نەخوازراوی بزانن.



دایکم زۆر ڕقی لە درۆبوو، گەرچی گرنتی ئەوە نادەم کە ئەویش لە ژیانیدا درۆی نەکردبێت، هەمیشە لەگەڵ بیستنی درۆیەکدا ئەیوت: خۆزگە ئەوەی درۆی ئەکرد خوا شاخی لی بڕواندایە!

منیش خێرا وەڵامم ئەدایەوە و ئەمووت: جا ئەمە چۆن ئەبێت!؟ بە دوعاکەی تۆبوایە ئەوا هەموومان " شاخ ـ قۆچ"مان لی ئەڕوا، ئیتر شەڕەکانی نێوان ژن و مێرد و دراوسێی و منداڵ و.. هتد کە بە بۆکس و شەق ئەکرێن ئەبوونە شەڕە قۆچ و هەموو دەموچاو و شان و قۆڵمان جی شوختی قۆچ ئەبوو!.

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا تەکنەلۆژکاران بۆ ئاسانکاری لە پرۆسەکانی گەیشتن بەڕاستی و لێکۆڵینەوە لە گومانلێکراوەکان، جۆرە دەزگایەك داهات کە لە مرۆڤ دەبەسترێت و درۆ ئاشکرا ئەکات. یەکێك لە نموونەکانی ئەو دەزگایە لەکاتی درۆکردندا جرەیەکی لی بەرزدەبێتەوەو گوێگران لە درۆکردنێك ئاگادار دەکاتەوە.

ئەم داهێنراوە نوێیە هێشتا نەهاتۆتە کوردستانەوە یان هاتووە و من نەمدیوە یان نەمبیستووە بێت و بەکارهێنرابێت، بەڵام خۆزگە دەخوازم کە ئەو ئامێرە بچوك بکرێتەوە و بە بڕێکی زۆر و هەرزان ئەهاتە ناو بازاڕ و وەك موبایل هەر کەسێك ئامێرێکی دەکڕی و لەخۆی دەبەست، هاوکات ئەوەم بەبیردا هات کە لە حاڵێکی وادا گەر هەر کەسێك و ئامێرێکی لەوجۆرەی پێوەبێت و ببێتە شتێکی باو، ئەوا بەهەر شوێنێکدا بڕۆیت زڕەی درۆ مێشکت ئەبات و هەراسانت ئەکات!.

بەلام لەوانەیە بوونی ئەم ئامێرە بەوجۆرەی کە دەیخوازم، ببێتە هۆی کەمکردنەوەی درۆکردن یان لانی کەم ئاشکرابوونی ئەو درۆیانەی بۆمان دەکرێن (گەر درۆ نەبێتە دیاردەیەکی عادەتی)، دڵنیام لەو کاتەدا پیاوە پەنیر فرۆشەکە کە بە شیر و کەمێك پەنیری نوی سەلکە پەنیرە کۆن و زەردهەڵگەڕاوەکان سواغ ئەدات ناتوانی پێت بڵی پەنیری تازە بەرەوە! پیل فرۆشە کەی ناوچەقی بازاڕیش چی دی بە ئاسانی بۆی ناچێتەسەر پیلە بی نوزەکانی بە شەرتی پیلی لۆك ساغ بکاتەوە و لەوەودوا گۆشتی پیرە مەڕی دان هەڵوەرت بەنرخی گۆشتی کاریلە پێ نافرۆشرێت!.

ئیتر هیچ بەرپرسێك ناوێرێت لەبەردەمی جەماوەر و ناو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەکاندا بەڵێنی درۆ بەخەڵك بدات! ئەو شۆفێری پاسەش کە قەت پەنجایی بۆ نەفەرەکانی ناگێڕتەوە و ئەڵی وردەم پێنییە، هە کە باقی ناداتەوە جرەی لی بەرز دەبێتەوە، لەگەڵ بوونی ئەو ئامێرەدا پیاوانی ژندار لەبەردەم کچی خەڵکدا ناتوانن بڵێن بوخچەی نەکراوەین و ئافرەتەکانیشمان چی دی تەمەنیان بەڕاستی دەڵێن و خۆیان بچوك ناکەنەوە!. لە کۆتایدا بەبیرمدا هات گەر نەتەوەیەکگرتووەکان
بڕیاربدات کە دەبێت ئەم ئامێرە لە لایەن هاوڵاتییانی وڵاتانی دونیاوە بەکار بهێنرێت Un

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تەنها لە (4/1) دا نەبێت کە ڕۆژی درۆیە، ڕەنگە درۆ سیاسی و کۆمەڵایەتی و سینەمایی و ئاینی و... هتد کەمببنەوە، بەڵام پرسیاری ئەوەشم لە لا دروستبووە، گەر ساڵانە لەسەر ئاستی جیهانی ی بە ڕاپۆرتێك ڕیزبەندی نەتەوە و وڵاتە درۆزنەکان بڵاوبکرێتەوە، ئەوا خۆمان لەو لیستەدا چەندەمی ڕیزبەندی دەبین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.